کامەران سوبحان:

## ئەو کارانەی بەناوی کۆمیدیاوە لێرە نمایش دەکرێت، جگە لە بێ حورمەتی کردن بە ئەخلاق و نەرێتی کۆمەڵایەتی هیچی تر نییە!!

**سازکردنی دیدار: بەرزان عەلی**



ڕۆژانە پرسیاری ئەوە دەکرێت بۆچی بینەری شانۆ نەما؟ بۆچی لە هەشتاکاندا هۆڵەکان جمەیان دەهات و نمایشێك چەندین ڕۆژ نمایش دەکراو بەردەوامیش بینەر هەبوو، ئەی بۆ ئێستا بینەری شانۆ ڕووو لەنەمان دەکات و ڕۆژ بەڕۆژ بینەر لە هۆڵەکان ئەتۆرێت؟ دەوری پسپۆڕان وشانۆکارانی ئەکادیمی لەو بوارەدا چەندە؟؟ بۆچی نمایشێکی کۆمیدی بینەرێکی بێشومار دەبینن و نمایشێکی جدی بینەرانی بە پەنجەکانی دەست دەژمێری؟لە بواری تیۆریشدا بۆچی کتێبە شانۆییەکان کەمترین خوێنەریان هەیە؟؟ ئەمانەو چەندین گرفت وکێشەی هەنوکەیی تر دەکەینە چەند پرسیارێك ولە تەوەری ئەم جارەدا ڕووبەڕوی هونەرمەندو ڕەخنەگر (کامەران سوبحان) دەکەینەوە.

**پ / زۆرجار پرسیاری ئەوە هەیە کە هەندێ لە شانۆکاران ئامادەی بینینی نمایشەکان نابن، ئایا ئەمە لەڕووی ئەخلاقی هونەرییەوە گرفت نیە بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی ؟**

پێم وابێت سەرەتای پرسیارەکانت بە پرسیارێکی گرنگ دەست پێکرد ، پرسیارێك نەك تۆی ڕۆژنامەنووس بەڵکو بەردەوام ئێمە لە نێوەندی هونەریدا لەخۆمانی دەکەین من پێم وا بێت ئەم پرسیارەی بەرێزتان پێویستی بەگەرانەوەیەکی ووردو زانستیانە هەیە بۆ ناوی شتەکان ، بۆناوی ئەو زاراوەو موفرەدانەی کەلە شانۆ و هونەردا بە کەرەستەکان دەدرێت ، من پێم وایە سەرەتا پێویستە بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین کە زاراوەی شانۆکار یان هونەرمەند لەپێش ناوەکەیانەوەیە ، چونکە گەر ئەو پرسیارە بکەین ئایا هەرکەسێ کە ئەم ووشەیە لەپێش

ناوەکەیەوە دەبێتە هونەرمەند ؟ ئەمە جەوهەری کێشەکەیە، من هەوڵ ئەدەم تەفسیرێکی هەمە لایەنەم بۆاوی پرسیارەکەت هەبێت ..

لەوبڕوایەدام لەبچووکترین پێناسەدا ئەو کەسانەی ئامادەی نمایشێکی شانۆی نابن لە ئەساسەوە ناتوانین پێیان بڵێین شانۆکار، مەبەست لەو کەسانە شانۆکاران خۆیانن چوونکە لە بیرمان نەچێت هونەری شانۆ هونەرێکی دەستەبژێرە و هەموو کەس حەزی پێ ناکات وە چێژی لێ نابینێت هەروەك چۆن هەمووکەس حەزی بە مۆزیك نییە ، یان حەزی بەخوێندنەوەی شیعرو رۆمان و... هتد نییە. کەواتە تۆڕاستت وتوو باشت پێکاوە ئەمە یەکێکە لە خەمەکانی ئێمە کەلەم قۆناغەدا باس لە شانۆو نەمانی بینەر دەکەین کارەکتەری نێو گەمەکە کە شانۆکارە ئامادەیی بینینی نمایش نەبێت گرفتێکەو سووپاست دەکەم کەجارێکی تر ئەم گرفتەت وەبیر هێنامەوە .

**پ \ باشە ئەی بۆچی پێش ڕاپەڕین هۆڵەکان جمەیان دەهات لە بینەران ؟ ئەی بۆ ئێستا هۆڵەکان چۆڵن ؟**

هاوڕێی بەڕێزم ووشەی هۆڵەکانت بەکار هێنا ، بۆ تۆ دەزانی ئێمە لەم شارەدا چەند هۆڵمان هەیە بۆ شانۆ و نمایش بشێت ، بنەمای ئەوەی تێدابێت نمایشێکی تێدابکەیت ؟؟ بێگومان هیچ !! ئەو یەك دوو هۆڵەش، هۆڵی ( کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و سەنتەری گەنجان ) لەناچاریدا نمایشی تێدا دەکەین، ئەگینا هیچ بنەمایەکی دەنگی و دیزاینی شانۆی تێدا نیە، سەبارەت بەوەی کەتۆ پێت وایە هۆڵەکان ئێستا چۆڵن و پێش ڕاپەرین جمەیان هاتووە ، من پێم وایە قۆناغی ڕاپەرین و دوای ڕاپەڕین دوو قۆناغی زۆر جیاوازن لە ڕووی مۆڕاڵی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی و هونەریشەوە ، بۆیە ناکرێت هەروا بەخۆڕا بڵێین شانۆی پێش و پاش ڕاپەڕین، هاوڕێی بەرێزم هەردەم ئیشی باش بینەری باشی دەبێت ، بۆ نموونە : دووساڵ لەمەوبەر ئێمە گروپێك بەد حاڵی بوونی ( کامۆ ) مان خستە سەر تەختی شانۆ، بەناوی ( لەخوا بپاڕێرەوە دڵت بکات بە بەرد ) چوار رۆژ لە هۆڵی رۆشنبیری نمایشمان کرد هەر چوار رۆژەکە هۆڵەکە پڕبوو لەبینەر ، ئەی بۆ ئەمە تۆ دەڵێی چی؟ هاوڕێیانی(کۆری شانۆی با ) چەند نمایشێکیان کرد لە دوو سێ ساڵی ڕابووردوودا بینەرێکی باش ئەو نمایشەیان بینی ، گەر نەڵێم لە پێش ڕاپەڕین بینەری زۆرتربوو، بەدڵنیایی یەوە کەمتر نەبوو ، کەواتە بینەر هۆشیار بووەتەوە، ئەو نایەتە هۆڵێکەوە گوێ لە موخریجەکانی ئێمە بگرێت و پێی بڵێین ژیان پڕە لە جوانی ، بەڵام خۆمان لەپشتەوە پڕبین لە بووغز، پێی بڵێین پێکەوە ژیان فەلسەفەیەکی مەزنی مرۆڤەو خۆشمان یەك بۆچوونی جیاواز لە یەکتر قبوڵ نەکەین و بەبێ هۆ نیگەران بین لە یەکتر، ئێستا تێگەیشتی بۆچی شانۆ لەو

دووقۆناغه (پێش و پاش ڕاپەڕین ) بینەر بۆچی بینەر دابەش بووە بەسەریاندا ، ئیدی من باسی تەکنەلۆژیاو ئامێری گەیاندن و فۆرمی ژیان لەو دووقۆناغە ناکەم، كە چ گۆڕانێکیان بەسەر مرۆڤایەتی داهێناوەو لەم نێوەندەشدا کەم تازۆر شانۆ بینەری شانۆ پشکی خۆی بەردەکەوێت .

**پ / کاتێك شانۆیەکی کۆمیدی پێشکەش دەکرێت هۆڵەکان جمەیان دێت وجاری واهەیە چەند مانگێك نمایش دەکرێت .بەلام کاتی تر وانی یە ؟**

وابزانم تۆ ڕام دەکێشی بۆ کێشەیەکی ئەزەلی ئەم هونەرە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ، هاوڕێی خۆشەویستم من پێم ووتی کاری جدیش بینەری خۆی هەیە ، بەڵام تۆ باسی کۆمیدیام بۆ دەکەیت من پێت دەڵێم ( ئەو کارانەی کەبەناوی کۆمیدیاوە لێرە نمایش دەکرێت جگە لە بێ حورمەتی کردن بە ئەخلاق و نەریتی کۆمەڵایەتی هیچی تر نییە ) ،من بۆخۆم چوومە نمایشێك لەو کارانەی کەتۆ باسی دەکەیت خەڵکەکە بووراونەتەوە لەپێکەنیندا، بەڵام من

بزەشم نەکردووە ، ئەزانی بۆ ؟ چونکە خەڵکی ئێمە وابەزۆر شت دێنە پێکەنین، بەڵام بە کەم شت دەگرین ، دواجار ئەوزمانە هەمەجیەی کەئەوان لە سەر تەختەوە قسەی پێدەکەن دابەزاندنی زمانە بۆئاستێکی زۆر بەربەریانە ، من بەداخەوە دەڵێم کۆمیدیا هونەرێکی زۆر مەزنە، بەڵام بەهۆی هەندێك مافیاوە بچوك کراوەتەوە بۆ کۆمەڵێك شەڕە جنێو و قسەی ناشیرین و دەست بازی گوایە بۆ ئەوەی ئێمە لە خوارەوە بێینە پێکەنین، بەڵام من گریانم دێت بۆ عەقڵ وژیرییان .

**پ / تۆ وەك دەرهێنەرێك و ڕەخنەگرێك کە چەند کتێبێکت لەسەر شانۆ نووسیوە ، بەڵام زۆر جار باس لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئەو کتێبانەی لەسەر شانۆ دەنوسرێن تیراژیان کەمەو خوێنەریان کەمە ؟**

ئەم پرسیارەی تۆ چەند ڕەهەندێکی هەیە، ڕەهەندی خوێنەری شانۆیی، ڕەهەندی خوێندنەوە لای شانۆکار و چەند ڕەهەندێکی تریش ، ڕەنگە گەر من بەڕاستگۆیی یەوە قسەت بۆ بکەم تۆزێك بچێتە بابی موجامەلەو باسی خۆکردن، بەڵام بەپێویستیشی دەزانم ڕاستیەکانت پێ بڵێم ، من تائێستا هەشت کتێبم هەیە لەسەر شانۆ، یەکەم کتێبم (ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد ) بوو، ساڵی 2002 لە دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم چاپکرا، ئێستا جگە لە یەك نووسخەلای خۆم دڵنیاتان دەکەم هەموو کتێبخانەکان بگەڕێ یەك نوسخەت دەست ناکەوێت ، تەنانەت زۆر جار هەندێ قوتابی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ، هەولێر ، کۆیە ، کفری، دێن بۆیان ئیستنساخ دەکەم و تائێستاش چەندین نووسخەی ئیستنساخ هەیە کە دەستاو دەست دەکات لەنێو خوێنەردا . کتێبێکی ترم ( دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن ) بە هاوکاری شۆڕش حسێن لەماوەی یەك مانگدا

دووجار چاپکرایەوە ، کتێبەکانی تریشم زۆربەیان نەماون ، ڕەنگە ئەمانەش پەیوەندی هەبێت بە جۆری بازاڕ پەیداکردن بۆ کتێب و ڕیکلام و هەندێ شتی تر، جگە لەوەش نەوەیەکی نوێ لە پەیمانگەکان بەڕێوەن، دەخوێننەوە، گەر لە لایەن مامۆستایانیانەوە پشتگیری بکرێن و دەسگیرۆییان بکەن، کەسی باشیان لێدروست دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت خوێنەری شانۆنامە و خوێنەری شیعرو خوێنەری ڕۆمان بەیەکتر بەراوورد بکەین ، چوونکە لەم حاڵەتەدا قیاسێکی ناڕاست و ناتەندروست دەبێت ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من بۆخۆم لە پرۆسەی خوێنەرو خوێندنەوە ناڕازیم !!

**پ/ بەڵام هەندێ جار هەست ناکەیت لە پرۆسەی ڕەخنەگرتندا ، شانۆکاران نیگەران دەبن ، بەتایبەتیش ئەو ڕەخنانەی کەبۆشایی و کەم و کورتی نمایشەکان دەردەخات ؟**

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا نەك شانۆکار بەڵکو هەموو چین و توێژەکان بە ڕەخنە نیگەران دەبن ، حاڵەتێکی وا بە نێوەندی روناکبیریماندا خولقاوە هیچ بنەماو هاوسەنگیەك نەماوە ڕەخنەگری جدی بتوانێت بەرهەمی بەرامبەری پێ بخوێنێتەوە ، بەلاتەوە سەیر نەبێت گەر بڵێم لەهەر کارێکی ڕەخنەیدا پێویستە حساب بۆ لایەنی سایکۆلۆژی بەرامبەرت بکەیت . ئەمەش لە سەرەتایترین حاڵەتدا کوشتنی ڕەخنەو نووسینە ، چونکە ئێمە میللەتێکین بەردەوام حەزمان لە پیاهەڵدان و مەدح و ستایشکردنە ، ڕەنگە ئەمەش کلتورێکی چەند سەدەیی هەبێت پشتگیری لەو تێزە بکات .

بەداخەوە دەڵێم تائیستاش هەندێ پێیان وایە پرۆسەی ڕەخنەگرتن تەنها دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی بەرهەمی هونەرییە ، لەکاتێکدا ئەمە بەشێکی زۆر کەمی پرۆسەکەیە، بەڵکو ڕەخنە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی ئیستاتیکای دەقە لە ڕوانگەیەکی مەعریفیانەوە ، هەر لەسەر ئەم تێزە من بۆخۆم زۆرجار تووشی گرفت بووم، بەتایبەتی هەندێ کات سەرنج و تێبینیم لەسەر بەرهەمی کەسێك داوە نیگەران بووە ، جاری وا هەبووە هونەرمەندێك راوێژی پێ کردوم لەسەر بابەتێك کە زانیویەتی قسەکانم تا ڕادەیەك لەگەڵ بەرژەوەندی ئەودا یەکناگرێتەوە هەرلە خۆڕا دەم و لووتی داوە بەیەکدا، لەکاتێکدا زۆرجار ئەو کەسانە تۆ دەستت گرتن و بەردەوام تۆ لە هەوڵی ئەوەدابوویت هانیان بدەیت بۆ ئەوەی کارێکی باش بکەن ، یان هەر هیچ نەبێت ڕێز بۆ شەهادەکەی دابنێت کە شانۆی خوێندووە، پێویستە هێندەی خوێندنەکەی زانیاری هەبێت ، بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانە هەر لە شوێنی خۆیاندا چەقیون و خەریکی پلان گرتنی نائەدەبیانەن لەکەسانی جدی و چالاك .

**پ / ئەی بواری ڕۆژنامەگەری هونەریی ، بەتایبەتی ئەوبلاوکراوانەی کە گرنگی بە هونەر دەدەن و چەند هونەرمەندێکیش هەیە سەرقاڵی کاری ڕۆژنامە گەری هونەرین ؟**

دیارە هەوڵ هەیەو هەوڵەکانیش لەو بوارەدا دیارن من بۆ خۆم چەند پرۆژەیەکی وام هەیەو سێ لەو پرۆژانەشم کردون بەکتێب و پرۆژەی کتێبی تریشم بەرێوەیە ، لەوانە دوو کتێبیان دوو دیداری دوورو درێژ بوون لەگەڵ ( د. فازل جاف و دانا ڕەئووف ) بە هاوبەشی شۆڕش محمد کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی کاری دیداری ڕۆژنامەگەری ( لە ڕقەوە ... تا خۆشەویستی ) دیدار لەگەڵ گەزیزە ، کە ئەمەش کتێبێکی ( 150 ) لاپەڕەی بوو ماوەیەك لەمەو بەر لە دەزگای سەردەم چاپکرا ، جگە لەمانەش تائێستا کۆمەڵێك دیداری دوورو درێژی هونەریم لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی جدی ساز کردووە .

سەبارەت بەنێوەندەکەش چەند کەسێك هەن و چەند هەوڵێکیش هەیە جێگەی دەست خۆشین بەتایبەتی ( ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ) چەند کادیرێکی هونەرییان کاری باش دەکەن ، لەوانە ( زانا خەیلانی ) یان ڕۆژنامەی هاوڵاتی و جەماوەر لاپەڕەی هونەرییان هەیە و چەند ڕۆژنامە نوسێکی هونەری چالاك لەو بوارەدا کار دەکەن ، شۆڕش محمد ئەمەش یەکێکە لەو ڕۆژنامەنوسانەی کە خزمەتێکی دیاری کردوە بە ڕەوتی هونەریی ، بەتایبەتی لەبواری تەختیەی کاری هونەریی و چالاکییە هونەرییەکان ، جگە لە چەند ڕۆژنامەیەکی تر ، بەڵام لێشت ناشارمەوە هەندێ کەس هەن خۆیان بە بوارەکەدا هەڵواسیوەو کەمترین زانیارییان لەسەر کاری هونەری نییەو زۆر جار لەکاتی دیدارەکاندا هونەرمەند ئیحراج دەکەن، چونکە بێ ئاگان لەبەرهەمەکانیان

**پ / پرۆژەی داهاتووتان چییە ؟**

لەبواری پراکتیکدا ئێستا لە گەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی تردا سەرقاڵی کارکردنین لە ( کالیگۆلا )ی (ئەلبێرکامۆ)ین دەرهێنانی هاوبەشی من و گۆران علی کریم، لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی بەئەزموون لە بواری تێوریشدا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکم لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ( شانۆو کلتور ) و خوێندنەوەی واقیعی شانۆیمان لەنیو سەدەی ڕابووردودا، لەگەڵ هەندێ کاری تایبەتی هونەری خۆم لەبواری نووسیندا .

پۆرترێتی کامەران سوبحان

⋆لەساڵی 1977 لەدایك بووە.

⋆ساڵی 1998 بەشی دەرهێنانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردوە .

⋆لە بواری پراکتیکیدا بەشداری چەند کارێکی شانۆی کردوە ، وەك دەرهێنان و نواندن لەوانە :-

1 - سێبەری مەرگ – دەرهێنان – پەیمانگەی هونەرەجوانەکان .

2 - لە خوا بپارێرەوە دڵت بکات بە بەرد - دەرهێنان - .

3 - ڕەش و سپی - کورتە فیلم - دەرهێنان .

لەگەڵ ڕۆڵبینین لە چەند شانۆگەرییەکی گەڕۆك بۆ منالآن .

لەبواری نوسین و نواندنیشدا چەند کتێبێکی هەیە لەوانە :

⋆ شانۆو ناسنامە .

⋆ ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد بەهاوبەشی عەبدولآ زەنگەنە .

⋆ فەرهەنگی شانۆ .

⋆ دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن .

⋆ شانۆی ئەزمونگەری بەهاوبەشی شۆڕش محمد.

⋆ بیلۆگرافیای گۆڤاری ئایندە .

⋆لە ڕقەوە..... تا خۆشەویستی

⋆ تینسی ویلیامزو ئاراستە نوێکانی شانۆ .

⋆ئێستاش بەرێوەبەری نوسینی گۆڤاری ئایندەیە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .